www.kurdistannet.org
3-6-2007 21:14بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# تۆ نازانی!! شێرکۆ جەلال

تۆنازانی
چی ئازرێك بەمن دەدەی
لەوەتەی
گەماڕۆت داوم
بەم عەشقە ویڵەت
دیلت کردووم
بەقژی ڕەشی شێتانەت
گۆشت داوم
لە کەژاوەی خەونەکانت
چەشنی منداڵ
لەوەتەی ڕاوت کردووم بەچاو
تۆنازانی
چی ئازارێك بەمن دەدەی
لەوەتەی
بژانگت کردووەبەتیروو
برۆشت کەوان
بەڵام ئازیز نەبەناسینت پیردەبم
نەبەتیرت برینداروو
نەلەژیانت بێزاردەبم
ئەوامنیش جار بەجارە تۆ دەبینم
نەم دەزانی زیندانێکی
لەووشەی جوان
زریانێکی
لەدەنگی ئۆپراو
ئاسمانێکی لەسریالی خەونەکانم
بۆیە شەوانە خەونت پێوە دەبینم
بەزۆریش بێ ماچێ لەلێوی سوورت
دەسێنم
ئەم شەوو گشت کۆڵانەی شار دەکەم
بەماچ
بەسووری ماچی لێوانت
ناوی جوانت دەنەخشێنم
ئەم شەوو
کۆڵان نەما تۆی تیانەبینم
شاربوو بەلێوی سووری تۆ
شارهەمووی بوو بەیەك کۆڵان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڕەنگی سووری لێوانت
تۆنازانی
چی ئازارێك بەمن دەدەی
لەوەتەی
خەونت پێوەدەبینم
یەکە یەکە لەدەرگاشکاوەکانی دڵم
بەتووڕەیی دێیتە ژوورەوە
بۆدواجار پێم دەبەخشی
ژیانێکی پڕ لەژیان
دڵێك
لەتەلاری خۆشەویستی
هەرئەم شەووە وێران دەکەی
گشت پەرستگاکانی دڵم
دەتۆرێنی یەکە یەکە
دڵە بچکۆڵەکانی دڵم
فرێی دەدەی ئەلبوومەکانم
یەکە یەکە
دەیخنکێنی وێنەی یارانم
کەچی ئەمشەوو من نازانم
بۆ وا لاڵم
گەر دەزانی
چەندە ئازارت پێوە دەبینم
لەوەتەی
لە خەونەکانم گەردەنت دەمژم
لەسەر یەکە یەکەی کەڤاڵە سپیەکانم
پۆرترێتی رووی جوانت دەنەخشێنم
لەدەفتەری نۆتەکانم
تەنها سیمفۆنیای عەشقت دەنووسم
کەچی گیانە
لەووشەکانت واپێدەچێ
تاکوو ئیمرۆ
لەسەرەتای ئەوینی شێتانەم
حاڵی نەبووی
لە ئەلبوومی رەشوو سپیم
وێنەیەکت
تۆ
جێ   ...نەهێشت...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.